MERI
Middle East Research Institute
www.meri-k.org

کورتەپۆلەسی ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦، جزمی ٣

# ئاوادانکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێردەستی دەوڵەتی ئیسلامی

ئیرێنە کۆستانتینی*[1]

*پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سیانزە ساڵ بەسەر دەستپێکردنی یەکێک لە بەرنامە هەرە بەربڵاوەکانی ئاوەدان کردنەوەی پاش ململانێ لە عێراق، ئەو وڵاتە دیسانەوە پێویستی بە یارمەتی دارایی نێودەوڵەتییە. بەڵام ئەم جارە بارودۆخەکە وەکو جاران نییە چونکە ئێستا ڕۆڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتەنها کاریگەر نابێ بەڵکو دەبێ*

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سیانزە ساڵ بەسەر دەستپێکردنی یەکێک لە بەرنامە هەرە بەربڵاوەکانی ئاوەدان کردنەوەی پاش ململانێ لە عێراق، ئەو وڵاتە دیسانەوە پێویستی بە یارمەتی دارایی نێودەوڵەتییە. بەڵام ئەم جارە بارودۆخەکە وەکو جاران نییە چونکە ئێستا ڕۆڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتەنها کاریگەر نابێ بەڵکو دەبێ سەرکردایەتی سیاسی عێراق هاوشان بەشە بەرپرسیاریەتی خۆی بگرێتە ئەستۆ بەرامبەر بە وڵات و هاوڵاتییانیدا.

هەڵبەتە پێشهاتەکانی ئێستای عێراق لە ژێر کاریگەری دوو بۆچوون دایە. لە لایەکەوە، گرنگی جیۆستراتیژی و ڕەمزیەتی مووسڵ باڵی بەسەر چارەنووسی ئەو شارانەدا راکێشاوە کە لە شێوەی مووسڵدا کەوتبوونە چنگی دەوڵەتی ئیسلامي (داعشەوە) وە ودواییش لەدەستی رزگارکرابوون لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا. لە لایەکەی تریشەوە، پێویستی یارمەتی مرۆیی بەپەلە بۆتە هۆکاری ئەوەی کەمتر بایەخ بدرێ بە مەسەلەیەک کە بەقەدەر ئەو یارمەتییە گرنگە، ئەویش مەسەلەی ئاوادانکردنەوەیە لە بوارەکانی ( ژێرخان، ئابووری، کۆمەڵایەتی وسیاسی)دا واتە لە هەموو ئەو سەرزەمینانەی کە لە چنگی داعش رزگارکراون لە سەرتاپای عیراقدا.

ئەم کورتە پۆلەسیە دۆخی ئێستای هاوکاری دارایی نێودەوڵەتی بۆ عیراق شیدەکاتەوە و ئەو هەڵ و مەرجانە دەستنیشان دەکات کە لە باریاندایە پرۆسەی ئاوادانکردنەوە بکەنە دەرفەتێک لە بەردەم سەرکردایەتی سیاسی عیراقدا تا شەرعیەتی خۆی لەناو خەڵکەکەدا بگەڕێنێتەوە.

[*] توێژەر لە ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پێویستییەکان وسەرچاوەکانی دارایی**

ئەو رابۆرتانەی لەسەر ناوچە رزگارکراوەکان نووسراونەتەوە  زۆر دڵنیاکەرنین، بە وتەی وەزیری کۆچ وئاوارەکانی عیراق لە سێپتەمبەری ٢٠١٦دا زیاتر لە ١ ملیۆن کەس هێشتا نەگەڕاونەتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە لە دەستی داعش رزگارکراون و لەسەرەتای ئۆکتۆبەردا ئەم ژمارەیە تەنها کەمێک نزم بووەتەوە. بێ گومان، گەلێ هۆکار لە پشت نەگەڕانەوەی ئاوارەکان هەن، لەوانە، ترس لە نالەباری باری ئەمنی و ناسەقامگیری کۆمەلایەتی. بەلام، سەرەڕای ئەمانە، قەوارەی وێرانەیی ناوچەکان کۆسپێکی هەرە گەورەیە. بۆ نموونە، لە رووماڵی نزیکەی (٣٠٠٠) بینا و(٤٠٠) رێگا و پرد لەگەڵ خاکدا یەکسان کراون یان نیمچە وێران کراون، فەللووجەش بەهەمان شێوە. بە وتەی عەلی فەحانی جێگری پارێزگار، سەرلەنوێ ئاوادانکردنەوەی ناوچە رزگارکراوەکان لە ئەنبار  پێویستی بە (٢٢) بلیۆن دۆلارە.

شاراوە نیە کە عێراق لە قەیرانی داراییدایە و دابەزینی نرخی نەوتیش دۆخەکەی ئاڵۆزترکردوە  بە ئاستێک کە بژاردەی تری لەبەردەمدا نەماوە جگە لە پەنابردن بۆ یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئاوادانکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە لەدەستی داعش دەردەهێنرێن. بەڵام یارمەتیدەرە سەرەکییەکانی پاش ٢٠٠٣ (کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێشەنگیان بوو) ئێستا دوودڵن لە هەوڵەکانیاندا بۆ  ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە هەروەك وتراوە کە "ئێستا برێکی تایبەت بە بونیادنانەوەی شوێنە زیان لێکەوتوەکان نیە وەکو ئەوەی لە ٢٠٠٣دا دابینکرا." لە سێپتەمبەری ٢٠١٦دا کۆبوونە و پێشانگایەک لە بەغدا رێکخران و تێیاندا ئەم بابەتە خرایە بەرباس بەڵام هیچی لێ هەڵنەوەری. ئەوەی هاتۆتە ناودەست ئەوەیە تا ئێستا شتێکی سەرەکی وبەرچاو لە ئارادا نییە، ئەوەش کەهەیە لە ئاستێکی نزمدایە و هەندێ یارمەتی دوولایەنەیە و هیچی تر.

لەسەر ئاستی دەوڵەت، بەپێی بەندی ٢٨ی بودجەی فیدراڵی ساڵی ٢٠١٥ی عیراق، سندووقێکی ئاوەدانکردنەوە دادەمەزرێ بۆ ئەو ناوچانەی دەکەونە بەر شاڵاوە تیرۆرستیەکان. سندووقەکە بە ٥٠٠ بلیۆن دیناری سەرمایەی سەرەتاییەوە (کە دەکاتە نزیکەی ٣٨٤ ملیۆن دۆلار) کە لەلایەن حوکومەتەوە دادەنرێ ودادەمەزرێ، بەرپرسیارە لە هەماهەنگی لە نێوان رێکخراوە جیهانیەکان و وەزارەتە عیراقییەکان کە چی بێ وچۆن بێ، سەرەنجامی ئەم سندووقە ئێستا دیار نییە چونکە بودجەی فیدراڵی ساڵی ٢٠١٦ بە روونی باسی ئەو سندووقە ناکات بەڵام نزیکەی تریلیۆنێک و ٢٠٠ بلیۆن دیناری عیراقی، واتە نزیکەی ٩٥٧ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی تەرخانکردوە بۆ  "پرۆژەکانی ئاوادانکردنەوە و گەشەپێدانی هەرێم وپارێزگاکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە".

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بانکی نێودەوڵەتی پاکێجێکی یارمەتی دارایی ٣٥٠ ملیۆن دۆلاری داناوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ٧ شار کە بەر کارە تیرۆریستیەکان کەوتن لە دیالە و سەلاحەدین: تکریت، دۆرە، زلوعییە، عەلەم، جەلەولا، سەعدییە و عوزێم. پاکێجەکە ئەم بوارانە دەگرێتەخۆ: ژێرخانی کارەبا، زبڵ وخاشاک، ئاو، خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان، ژێرخانی گواستنەوە، چاککردنەوە وگەڕاندنەوەی خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان و یارمەتی تەکنیکی بۆ دەستنیشانکردنی دەرفەتی وەبەرهێنان لە داهاتوودا. هەرچەند بانکی نێودەوڵەتی دان بەوەدا دەنێ کە "عیراق پێویستی بە پەرەپێدانی زۆرە"، بەڵام پابەندبوونی  عێراق بۆ  دووبارە بوژاندنەوەی دارایی رەنگە بەو ئاستە نەبێت بە بەروارد بە پێویستییە راستەقینەکانی وڵاتەکە.

هەر لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، پرۆگرامی بووژاندنەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNDP) لە حوزەیرانی ٢٠١٥ەوە خزمەتگوزاری یارمەتی دارایی خێرا ی دامەزراندوە. ئەم دەزگایە یارمەتی پێشکەش دەکا لە بواری کاری گشتی وئامادەکردنەوەی ژێرخانەکان، پەیداکردنی پێویستییەکانی ژیان، پشتگیری تواناکان وئاشتبوونەوەی کۆمەڵایەتی. لە ٣٠ی سەپتەمبەری ٢٠١٦ەوە ئەو خزمەتگوزاریە ٩٥ ملیۆن دۆلاری پەیداکردووە بۆ ١٦ ناوچە (لە پارێزگای ئەنبار بۆ: فەللوجە، رەمادی، هیت، کەرمە، حەدیسە و

روتبه. له پارێزگای سەلاحەدین بۆ: شەرقات، بێجی، تکریت، دۆره، مکەیشیفه. له پارێزگای نەینەوا بۆ: رەبیعه، سنونێ، سنجار، گەییاره. و له پارێزگای دیاله بۆ سەعدییه) – بێگومان ئەم پارەیه گەڵێ کەمتره لەوەی که مەزەنده کراوه بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان.

پەیداکردنی ژمارەیەکی ورد لەبارەی قەوارەی یارمەتیه داراییەکانەوه کارێکی گرانه چونکه له بەر زۆری سەرچاوه داراییەکان (دوو لایەنه و چەند لایەنه). هەروەها جۆری دەستهاته داراییەکان (تایبەتی یان گشتی) وجیاوازی نێوان بەڵێنەکان و ئەوەی بەڕاستی تەرخان دەکرێت. بەهەرحاڵ، قەوارەی یارمەتی دارایی رەنگدانەوەی ئاستی بەشداربوونی لایەنه سیاسی نێودەوڵەتیەکانه. به بەراورد لەگەڵ رابردوو، یارمەتیه نێودەوڵەتیەکانی ئێستا بۆ عیراق بۆ بونیاتنانەوەی ئەو ناوچانەی له دەست داعش رزگارکراون تەنها بریتییه له پابەندبوونێکی کەم که تەنها بۆ ئەوەیه که یاریکەره نێودەوڵەتیەکان له کاروباری سیاسی وڵاتەکەدا ئامادەییان هەبێت به تایبەتی ئەوکاتەی داعش دەبەزێندرێت.

**له یارمەتی داراییەوه بەرەو پلانێکی هاوبەشی سیاسی**

له کاتێکدا عێراق پێویستی به یارمەتی دارایی زیاتر هەیه، ئاوادانکردنەوەی ناوچه وێرانکراوەکانی دەستی داعش پەیوەسته به دوو خاڵەوە:

<u>بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی له بەرامبەر پابەندبوونی ناوخۆییدا</u>: دوودڵی لایەنه نێودەوڵەتیەکان بۆ دووباره تێوەگلان له پرۆسەیەکی بەربڵاوی درێژمەودای ئاوادانکردنەوەدا له عێراق چەندین لێکدانەوه هەڵدەگرێ. جارێ له پێشدا، پابەندبوون به دانی یارمەتی دارایی به کاری ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی له دەستی داعش رزگارکراون، واته له ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر گەل (باجدەران)ی وڵاتانی یارمەتیدەر هەروەها خەڵکی عێراق، بۆیه بەر لەوەی به جیددی بجنه ژێر باری پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ کاری ئاوەدانکردنەوه، یاریکەر و یارمەتیدەره نێودەوڵەتییەکان دەبێ ئاماژەی ئەوه له سیاسەتمەداره عیراقییەکانەوه وەرگرن کەوا ئەوان ئامادەن دەست له ئەجیندای خۆیی بێنن وبکەونه کار بۆ بەرژەوەندی و دوارۆژی وڵاتەکه و هەموو دانیشتوانەکەی.

<u>نەخشەدانان وجێبەجێکردنی شێوازی خەرجکردنی دارایی</u>: پرۆسەی ئاوەدانکردنەوه پاش داگیرکردنی عێراق له ساڵی ٢٠٠٣دا نەکرایه پلانێکی تۆکمەی سیاسی هاوبەش له نێوان کارەکتەره نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان. وه ئەوەی که ئەنجامدرا بریتیبوو له جێبەجێرکدنی تیۆریەکی دەرەکی له بارەی ئەنجامدانی گۆڕانکاری له وڵاتەکەدا و ئیدارەدانێکی خراپی دارایی بەبێ ئەوەی بگات به ئەنجامێکی مەلموس لەسەر ئەرزی واقیع. ئەم خاڵانه پرسیار و گومانی زۆری لای هاوڵاتیان دروستکرد سەبارەت به پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو ئەنجامەکانی له عێراقدا. مێژووی ئەم دواییەی عێراق هەندێ پەندی باشی لێکەوتۆتەوه. یەکێک لەو پەندانه ئەوەیه که تەنها قەواره و ئاستی یارمەتی دەرەکی نابنه مسۆگەرکردنی ئاوەدانکردنەوه وگەشەکردن، بەهەمان شێوه، پلاندانان وجێبەجێکردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەش، ئەوه ناگەیەنێ که به رێکەوتنێکی هاوبەش ئەنجام دراوه ئەگەر شێوازی یارمەتیدانەکه دەستنیشان نەکرێ.

**بنەماکانی پلانی هاوبەشی سیاسی بۆ ئاوادانکردنەوه**

بنەمای یەکەم: پێویستی به رۆڵێکی کارای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی له ئیدارەدانی سەرچاوه داراییەکان هەیه، به تایبەتی لەدەستەبەرکردنی شەفافیەت له پرۆسەکەدا.


MERI Middle East Research Institute

دەبێ ئیدارەدانی نێودەوڵەتی بۆ سەرچاوە داراییەکان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێبکرێ. ئەمە نەک لەبەر ئەوەی گومان هەیە لە بوونی توانای ناوخۆییدا (هەرچەندە ئەمە قسەیەکی باوە وکەم کەمە بەڵگەشی لەسەردەدرێ) بەڵکو بۆ ئەوەی بێلایەنی وبەرپرسیارەتی تەواو لە دابەشکردنی سەرچاوەکاندا دەستەبەربکرێ، سەرباری ئەمە، دابەشکردن و ڕێکخستنی سەرچاوەکان بە گوێرەی میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان سوودێکی دیکەشی هەیە کە بریتییە لە زاڵبوون بەسەر دیاردەی ئاستی نزمی جێبەجێکردنی بودجەدا، جا لەسەر ئاستی پارێزگاکان بێت یان لەسەر ئاستی فیدراڵیدا. بەر لە ٢٠١٤، جێبەجێکردنی (بودجەی سەرمایە) خۆی دەدا لە ٥٧٪ی بودجەی پلان بۆ دارێژراو وە لە ٢٠١٥دا لە ١٠٪ کەمتر بوو. نەک هەر ئەمە، ڕادەی جێبەجێکردنی بودجە لە پارێزگاکاندا هەندێ جار لەمەش نزمتر بوو بەراورد بە جێبەجێکردنی بودجەی ٢٠١٤، لە ساڵی ٢٠١١دا نەینەوا تەنها ٢٤٪ی بودجەکەی خەرجکرد، دیالە ٣٤٪ وکەرکوک ٣٧٪.

**بنەمای دووەم: ڕۆڵی کارای سەرکردایەتیە سیاسیە عێراقیەکان لە دروستکردنی سیاسەتدا تەنها بۆ ئەوەبوو سەر لە نوێ شەرعیەت وەرگرنەوە لەناو خەڵکدا.**

سەرکردایەتی سیاسی عێراق پێویستی بەوەیە سەرلەنوێ بوونی خۆی لە مەیدانی دروستکردنی سیاسەتدا دووپات بکاتەوە، چونکە بەرپرسیاریەتی گشتی وڵاتەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان. ڕابردووی وڵاتەکە نیشانی دەدات کە میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان بۆ کاروباری یارمەتی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی مەترسی "ستراتیژی جیاجیای گەشەکردن" کە بۆیان هەیە ببنە هۆکاری سنووردارکردنی خاوندارێتی حکومەت و باڵادەستبوونی یارمەتیدەرەکان. ئەمە لەوەدا دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەو پارانەی یارمەتیدەرەکان بەخشیبوویان بۆ کەرتی دیاریکراو نیشان کرابوون (حکومڕانی یان پاراستن) یان بۆ ئاژانسێک (بۆنموونە ئاژانسەکانی یوئێن یان ڕێکخراوەکان). هەرچەندە تەرخانکردنی سەرچاوەکان لەدەرەوەی دەوڵەتدا هەمیشە دەخرێتە ئەستۆی گەندەڵی بەرفراوان بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆی لاوازکردنی تواناکانی حکومەت و لەکەدارکردنی شەرعیەتی چونکە ئەم مەسەلەیە بۆ دوارۆژی عێراق زۆر گرنگە. سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی لەدەست داعش ڕزگاردەکرێن دەرفەتێکە نابێ سەرکردایەتی سیاسی عیراق لەدەستی بدا وئەمجارە دەبێ وریابن کەوا خەڵکەکە چاوەڕوانە خزمەتگوزاری بۆ بکرێت و دەبێ ئەوەی خەڵک چاوەڕوانیەتی پێشکەشی بکەن.

**دەرەنجام**

ئەو داراییانەی ئێستا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکان تەرخانکراون هاوئاهەنگ نین لە گەڵ پێویستییەکانی عیراق: "کەمی یارمەتیەکان" کاردانەوەی ئەزمونی ڕابردوە کە لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا وە ڕەنگدانەوەی دوودڵی بەخشەرە نێودەوڵەتییەکانە لە بەشداربوونیان لە ڕووی سیاسیەوە لە عێراق لە دۆخی پاش بەزاندنی داعش. لەگەڵ ئەوەشدا قەوارەی ئەو یارمەتی داراییەی کە بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوە دەدرێ بەندە بە دوو مەرجی دیکەوە: یەکەم، یاریکەرە نێودەوڵەتیەکان هیچ بەرپرسیارەتیەکی (دارایی) ناگرنە ئەستۆ لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا تا ئەو کاتەی سەرکردایەتی سیاسی عیراق پابەند دەبن بە پلانێکی گشتگیرەوە لەبارەی وڵاتەکەوە. دووەم، پلاندانان وجێبەجێکردن و شێوازی ئەنجامدان وتەمویلکردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە بەهەمان شێوە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامەکانی ئەم پرۆسەیە. ڕێگەچارە بە فەراهەمکردنی باردۆخیک دروست دەبێت کە دارشتنی پلانێکی سیاسی هاوبەش زامن بکات بە ئاستێک کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێی دڵنیابێ کەوا پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەکە لایەنێکی بەهێزی لێپرسینەوەی تێدایە. جگەلەمە، سەرکردایەتی سیاسی عێراق دەبێ شەرعیەتی خۆی بەدەست بێنێتەوە لە ڕێگای دەرکردنی وڵاتەکە لەو قەیرانەی کە تێی کەوتوە.